مەسعود بارزانی بەبۆنەی جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی



ئەمە چوارشەممە 20ی ئاداری 2024، سەرۆک مەسعود بارزانی بە بۆنەی جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس پەیامێکی بڵاوکردەوە.

دەقی پەیامی سەرۆک بارزانیە؛

بەبۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز و سەری ساڵی 2724ی کوردییەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی خۆشەویستی کوردستان و کوردستانیانی دەرەوەی وڵات دەکەم. هەروەها پیرۆزبایی لە هەموو ئەو گەلانەش دەکەم کە یادی نەورۆز دەکەنەوە. هیوای خێر و خۆشی بە هەموو لایەك دەخوازم. نەورۆزتان پیرۆز.